www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:26:44 2006-9-26

سینۆهە بەرگی یەکەم | سینۆهە بەرگی دووەم | ئەلەموت بەرگی یەکەم | ئەلەموت بەرگی دووەم

بەرگی یەکەم و دووەمی (سینۆهە) (چاپی حەوتەم) بەم زووانە دەکەوێتە بەر دەستی خوینەران

بەرگی یەکەمی (خواوەندی ئەلەموت) کەوتە بەر دەستی خوێنەران و بەرگی دووەم بەم زووانە دەکەوێتە بەردەست

# باشترین و پڕفرۆشترین و خوازراوترین پەرتووکەکانی جیهان و کوردستان

### لە وەرگێڕانی سەیدا شێخ زرار

هەردوو بەرگی کتێبی جیهانی (سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون ) شاکاری گەورەی میکاڤالتاری فینلەندی و هەردوو بەرگی (خواوەندی ئەلەموت) شاکاری پۆل ئامیر کە دوو کتێبی جیهانین و بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون و سینۆهە تاوەکو ئێستا بۆ زیاتر لە (25) زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراوە و لە ئێراندا زیاتر لە (40) جار چاپ کراونەتەوە.

ئەم پەرتوکانە رۆمانی مێژوویی و کەم هاوتان کە بابەتگەلێکی فرەبواری (سیاسی و مێژوویی و ئەدەبی و فەلسەفی و ئایینی و نەتەوەیی و خۆشەویستی و پزیشکی و رۆشنبیری و سەربازی و دەروونناسی و سروشت و پێکهاتە واتایی و ناواتاییەکانی ژیان و تاوتوێی راستەقینە و ستەم و زۆرداری و هتد.. دەکات. رووداو و بەسەرهاتەکان و زۆرێك لە ئاکاری کەسایەتییەکانی ئەم سەربوردانە ئەوەندە نوێ و

**کارتێکەر و هەست وروژێنەرن کە بۆ هەمیشە بەشێك لە هزری خوێنەر داگیر دەکەن و ڕۆژانە لەگەڵیدا دەژین و لەگەڵ پێشهاتە هەنووکەییەکاندا بەراوردیان دەکات.**

**بۆیە خوێنەر لە هەر ئاست و چین و توێژێك بێت، ئەوەندەی نامێنێ کە دڵنیا بێت نە لە رابردوو و نە لە داهاتووشدا پەرتوکێکی لەو ئاست و تام و چێژ و سەرنجڕاکێشییەی بۆ خوێندنەوە دەست ناکەوێت.**

**شایانی باسە کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبانەدا هەوڵێکی زۆر و وردییەکی ئاگایانە و شێوازێکی تایبەتی نویێ بەدی دەکرێت بۆ سادەیی و رەوانی و فرەوانی ئەو زمانە کوردییەی کە بۆ وەرگێڕان بەکارهاتووە، واتە تێکەڵەیەکی زۆر لە شێوەی ئاخاوتن و لەهجەکانی سنوورەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و کوردستانی ئێران و بادینی لە خۆگرتووە و خوێنەری رۆشنبیر هاوکات لەگەڵ خوێندنەوەدا شارەزای زۆرێك لەو شێوازە ئاخاوتنانە دەبێت کە لە سنورە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەدا پێی دەدوێن.**